"قەڵەم ئاگات لەسەری من بێ"

# ئاوڕدانەوەیەک لە د. کەمال سەید قادر

Ibrahim Melazade
bmalazada@gmail.com

دەگێڕنەوە جۆلایەک پەشتەمارێکی بە دیاری بۆ پاشای سەردەمی خۆی برد، لە کاتی چونی بۆ ماڵی پاشا بە بەردەرکەی وەزیرێکدا تێپەڕی و دەیشی گووت: زمان ئاگات لەسەری من بێ
که چووه لای پاشا دیاریەکەی پێبەخشی و پاشا گووتی:
ئەم پەشتەمارە سوودی چیە؟ جۆلایەکە گووتی:
گەورەم ئومێد دەخوازم تەمەنت درێژ بێ، ئەم پەشتەمارە بۆ ئەوەیە ئەگەر مردی بەسەر مەیتت دابدەن. پاشا ڕقی هەڵسا و گووتی:
دیارە جۆلا لە مردنی من بە پەلەی؟ بڕۆن نۆبەداران لەسەری بدەن. بەڵام وەزیرەکە جۆلای بینیبوو کە بەبەردەرگای ئەودا تێپەڕی بوو، دەیشی گووت:
زمان ئاگات لەسەری من بێ، ئەو وەزیرە، حوکمە قەرەقۆشیەکەی پاشای قبوڵ نەکرد و کەوتە هەوڵدان بۆ ڕزگارکردنی ژیانی جۆلا.

نوسەران جۆلا ئاسا چی دەتوانن بۆ پاشا بەرن بێجگە لەو نوسینەی کە ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونەکانیانە؟ ئەو نوسینەی کە بانگەشە بۆ پاکی و دڵسۆزی و وڵاتپارێزی دەکات. ئەو نوسینانەی کە زۆر جاران وەپێش زەمەنی خۆیان دەکەون و هەموو گرێکوێرەکان لەبار یەک هەڵدەوەشێننەوە.
هەموو باوکێک پێی خۆشە مناڵەکەی لە خۆی چالاکتر و ئازاتر و زیرەک تر بێ، تا درەنگ وامدەزانی، پاشاکانیش پێیان خۆشە هاوڵاتیەکانیان لە خۆیان زیرەکتر و چالاک تر بن. ئەی ئەوان نین خۆیان بە باوکی خەڵک دەزانن؟
لە دونیای ئێمە باوکی گەورە ئەوەندە زۆرن، سەرمان لێتێک چووە کامەیان بەتەنگ ڕۆڵەکانیانەوەن، چونکە پەیمانیان بەیەکتری داوە یەکتری ئەزیەت نەدەن، بەڵام تۆڵە لە مناڵەکانی یەکتری بکەنەوە. دەڵێن کاتی خۆی ئاغاکانیش ئاوا بوون. ئاغا سەگ و سوارەکانی خۆی دەناردە سەر یەکێک لە جوەکانی ئاغاکەی تر، فرمانی دەردەکرد کە بیگرن و تێری تێهەڵدەن. ئاغاکەی تریش سەگوسوارەکانی خۆی دەناردن بچن جوێکی ئاغای یەکەم بگرن و تێری تێهەڵدەن، لەو نێوەندەدا تەنها جوە هەژارەکان زەرەریان دەکرد، لە هەردو لا هەر لەوان دەدراو تولە لەوان دەکرایەوە.
دواتر جوەکان لە ململانێیەکە حاڵی بوون، بۆیە بۆی دەرچوون و گەڕانەوە وڵاتی باب و باپیریان، وڵاتی مژدەپێدراویان. مناڵە ڕووت و ڕەجاڵەکانی ئاغا و پاشا و سەرۆکەکان مانەوە

تۆڵەیان لێبکرێتەوە. ئەوانەی کارو فرمانەکانی پاشا ڕاناپەڕێنن، ئەوانەی داردەست نین و بە ڕەش دەڵێن ڕەش و بە سپیش دەڵێن سپی.

زۆربەی ئەو برادەرە نوسەرانەی لەسەر د. کەمال سەید قادریان نوسیوە، لەگەڵ شێوەی دەربڕین و ڕاوبۆچوونەکانی د. کەمال دانین، منیش بە هەمان شێوە، ئەو شێوازی دەربڕینەم بۆ قبوڵ نەدەکرا. بەڵام وا پێدەچێ هەمووومان کۆک بین لەسەر ئەو ڕەفتارەی کە دەسەڵاتی کوردی بەرامبەر قەڵەم بەدەستان دەیکات. ڕۆژ نیە نوسەرێک یا ڕۆژنامە نوسێک بانگ نەکرێت و کێشەی بۆ دروست نەکرێ، ئەو شێوە دەسەڵاتگێڕانە هی ئەو ڕژێمانەیە کە لەسەرە مەرگ دان و لە مانەوەی خۆیان دەترسن. ئەگەر حیزبە دەسەڵاتدارە کوردیەکان ڕاست دەکەن شەرعیەتی شۆڕشیان پێیە، بۆ لە تاج و تەختی خۆیان دەترسن؟ ئەگەر ڕاست دەکەن مژدە هێنەری دیموکراسیەت و سەروەری یاسان بۆ بە پێی پرینسیپەکانی دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ ناجوڵێنەوە؟ ئەگەر ئەوان شۆڕشیان بۆ ئازادی گەل کردووە، ئەی ئەوان نین ئەمڕۆ ئازادی لە ئێدیتەی ئەو گەلە قاچاغ دەکەن؟

دەرکردنی وەزیرێک لەسەر ئەوەی کە ویستویەتی خاوەنی قسە و گفتی خۆی بێ، خاوەنی ڕاو بۆچوونی ڕاستەقینەی خۆی بێ، بە کورتی خۆی نمونەیەکی بچوکراوەی باوک نەبێ، ئەویش ڕای هەبێ، لە زەمەنی دەسەڵاتی مۆدێرنەی کوردیدا ئەو مافە ڕەوا نیە.

گیرانی نوسەرێک با بەشێوەیەکی جوانیش ڕاو بۆچوونەکانی خۆی نەخستبنە سەر کاغەز، بێ سەر و شوێن دەکرێ و کەمترین مافی مەدەنی، کەمترین ئەو مافانەی پێڕەوا نابینرێ کە خودی دیموکراسیەت بانگەشەی بۆ دەکات، ئەی بۆ فێری دیموکراسیەتمان دەکەن. بۆ ناگەڕێنەوە سەر ڕاستی خواست و ئارەزوەکانتان و بە ئاشکرا پێمان ناڵێن، ئەو جارە ناماقوڵتان کرد، دیموکراسیەت نیە و ئەوەش بڵێ لەل سێدارەی بۆ هەڵدەواسین. بۆ ئەوەی ئێمەش ئاگامان لەسەری خۆمان بێ. بەیانی و ئێواران حەمدو سەنای قەڵەمەکەمان بکەین و پێی بڵێین: قەڵەم ئاگات لە سەرم بێ.

سەدان ڕووداوی لەو جۆرە لە مێژووی دوور و نزیکدا دەڵێ: دەسەڵاتداران لە سەنگەری دژ بە ڕۆشنبیر و نوسەران بوون، لێیان گرتوون و لێیان کوشتوون، بەڵام ئەمڕۆ ناوی ڕۆشنبیرو نوسەرەکان بەرز ڕاگیراوە و یادیان دەکرێتەوە، ناوی دەسەڵاتدارە توند ڕەو و باوکە لاسارەکانیش لە کولەکەی تەڕیش نەماوە. ئەو سەرۆکەی دەیەوێ سەرۆکی هەموان بێ دەبێ یاسا بەقەرار بکات، لە دارو دەستەی دەوروبەر و ئەشهەدوبیلاشی قبوڵ نەکات بکەونە گیانی ڕۆڵەکانی گەلەکەی. چونکە شکاندنی کەرامەتی ڕۆڵەکانی گەل شکاندنی کەرامەتی خودی خۆیەتی. ئەو کەسەش خۆی بەلاوە شێرەو دەیەوێ هاوڵاتیانی ڕێوی بن، ئەویش کە لە زەوی دەدرێ، کەسێک فرمێسکی بۆ نارێژێ. عیراقیەکانیشمان بینین چەند فرمێسکیان بۆ سەدام هەڵوەراندن.

ئەگەر یاسا لەسەرەوەی هەموومانە با یاسا بەرقەرار بێ و سنورێک بۆ ئەو تۆقاندنە دابنرێ.
ئەگینا شەپۆڵەکانی گێژەلوکەی گۆڕانکاریەکانی مێژوو بەزەیی بەکەسدا نایەتەوە، هەرچی بکەوێتە بەردەمیشی وێران و خاپوری دەکات.
چیاکانیش بە ئازادیەوە جوانن، بێی ئازادی دەبنە لانەی دڕوندەکان.
قەڵەم ئەمان، ئاگات لەسەرمان بێ!!!!!!!!!!